

## بۆ بەخێرهاتنەوەی هونەرمەند

# رەمزی قوتبەددین

هیوا خەتات

**نازانم لەکوێوە دەست پێ بکەم..هونەرمەندێك بەکۆمەڵێك ئیشی ناسکەوە، بەلەبزێکی شیرین و دڵێکی جوانەوە، لەخەباتیشدا لەو شاخە هەر بێدەنگ و کارا.. کەسێتیەك هەموومان خۆشمان ئەویست، پاش دووریی ئەوەندە ساڵ، پاش سڵاوو باوەش، وتی: ئەڵێی دوێنێیە لەلام کە چووین بۆ توونەکەی حەمامی سورەت، بۆ لای ئەحەی خولە سنەیی، رەحمەتی خوای لی بێ.**

***وتم: ئەم دیارنەمانە وئەوهەموو ساڵە بۆ؟***

وتی: ئەبوایە زووتر بهاتمایەتەوە، بەڵام بەداخەوە پشتگوێ خرام. ئیتر راگەیاندن و ماڵی هەندێك برادەر ئاوابێ بانگهێشتیان کردم و هاتمەوە بۆ کوردستان.

وتی: پرۆگرامی ساڵی (٢٠١٠) م گەورەیە، ئەگەر پشتگیریم بکرێ، تابلۆگەورەکانم دێنمەوە.

***وتم: باشە ئەوا نەهاتنەوە، ئەی هەواڵ؟ ئەی هونەر؟، ئەی بەرهەم؟***

وتی: هەژدە ساڵە ئیش ئەکەم، رەنگە هەر نەشتانبیستبێ، ئەمە کەمتەرخەمی میدیای ئێمەیە. دە ساڵە گەلەرییەك لەوێ کارم بۆ ئەکات، پێشانگەم بۆ ئەکاتەوە، کەچی پسپۆڕێك، پەیامنێرێك نەبوو باسێکی بکا. خۆ هەر منیش نیم، هونەرمەندانی تریش هەر خەریکن، نەك هەر پێشانگەی هونەر، بەڵکو چالاکی تریش وەك کۆڕو سیمینار. نازانم میدیای کوردیی ئەمەی بەلاوە بێ بایەخە! یان چی؟!

***تێگەیشتم رازو نهێنییەکی زۆر***

***لەسنگی هونەرمەند رەمزی قوتبەددیندا هەیەو منیش بێ لۆژیکی رۆژنامەوانی مایکەکەم کردەوە تا هەرچی هەیە بیلێت.***

وتی: ئەم ئیشانەم بەرهەمی هەژدە ساڵن، هەندێکیان بابەتی شاخن هشتومنەتەوە، وەك مێژووی من، دوای ئەوەی ساڵی ١٩٩٥ چوومە پاریس جوان دەستم پێ کرد، ئەوێ بۆ من وەك چوونە سەرمانگ وابوو، چونکە هەموو شتێ بۆ من نامۆ بوو. هێدی هێدی کەوتمە سەرپێی خۆم، کڵێسایەك هاوکاریی ماددیی کردم، ئیتر کەرەسەو پێداویستیەکانم پێ کڕین، لەوێ و بەر لەوێش هەروا بووم کە لۆژیك لەدنیای مندا نیە، بەخەیاڵ و خەون کار ئەکەم، خەون ئەو رۆژگارانەن کە لەژیان و رۆحمدا تۆمار بوون، شەوانی شاخ و دانیشتن و کۆبوونەوەو چراو دیداری ئەم و ئەوێکی ناسراوو نەناس لەهاوڕێ کادیرو پێشمەرگەکان و سروشتی ئەوێ بوونەتە بابەت، دیارە داڕشتنی بابەتەکانم تەکنیك و رەنگکاریی و ئاگایی خۆی ئەوێت، چونکە تابلۆ جگە لە فۆرم، دیوەکانی دەرەوەشیان بەها هونەرییەکە ئەبەخشن و دووبارە لێرەشدا پابەندم بە وێستگە گەورەکەی ژیانم کە پێشمەرگایەتی بوو وام لێ ئەکات تۆنی رەنگەکانی ئەوێ لەتابلۆکاندا دابنێمەوە، وەك سەوزیی درەختەکانی مالومەو گاپێڵۆن.

باسی ساڵانی دوای تەواوبوونی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا ئەکەم. (کاری گرافیك)م ئەکرد، ئەگەرچی هەندێ جار (پاستیل)یشم ئەکرد یان بەشێوازو کەرەسەی تر، دەربڕینەکان لەهونەردا هەموو یەك مانان، تەنها رەنگە شێواز بیانگۆڕێت. خۆ تابلۆ هەر بۆ جوانی نیە، بەڵکو پەیامێکە، پەیامیش بەدەنگ و سەنگ و کاریگەری خۆیەوە. گرافیك ئەرك و کاتی ئەوێت. کەسێك جێگیر نەبێ لەشوێنێکدا ناتوانێ پێداویستیەکانی گرافیك لەخۆی کۆ بکاتەوە. لەسلێمانی و لەشاخیشدا ئەمەم بۆ نەدەکرا، چونکە لەهەردوولا رەفتەنی بووم و مەترسی لەرێمدا هەبوو.

هونەرمەند رەمزی قوتبەددین، بەردەوام قسەی لەسەر شتەکان ئەکرد، و ئەیووت: شتی زۆر ناخۆش هەن کە رەنگە هەر لای ئێمەومانان وابێ کە کاتێ ئەچیتە شوێنە گشتییەکان وەك هۆتێل و مۆتێل و رێستورانتەکان، تابلۆو بابەتی هونەریی جوان نابینی، جگە لەشتی ناجۆرو کۆپیی ئەملاو ئەولا، گەلێ جار وام هەست ئەکرد لەبەسرا یان لەنەجەف بم نەك لەسلێمانی و کوردستان، سەیرە ئەو بابەتانە پەیوەندییان بە ئێمەوە نیەو هەڵواسراون، یان تێکەڵ و پێکەڵییەکی سەیر هەیە، ئەمە بێگومان کارەساتە. ئێمە بەقۆناغێکی گەورەی مێژوویدا تێپەڕبووین، شۆڕشمان کرد و ئەمرۆی بەرهەم هێنا. ئەی شۆڕشی شتەکانی تر کوان؟ هونەر بەتایبەتی؟ لەکاتێکدا هونەرو هونەرمەندی جوانیشمان هەیە. ئەی خەڵك بۆ وایە؟ بۆ هونەری جوان هەڵناواسن. ئەمە بێگومان جگە لەجوانبەخشی و چێژ، پشتگیرییەکیشە بۆ ژیانی هونەرمەندەکانمان. پارەدارو خاوەن شوێنە گشتییەکان ئەچنە تورکیاو وڵاتی تر، بابەتی زەق و ناشرین ئەهێننەوەو شوێنەکانی پێ ناشرین ئەکەن. ئەم بێ زەوقیە وا پەلوپۆی داکوتاوە تەنانەت شارەکە بەئەندازیارێکی عەرەبی یان بیابان دروست کراوەتەوە. سروشتی وڵاتی ئێمە بەرزی و هەڵدێرو رێگەوبان و باخ و درەختە. لەگەڵ ئەمانەشدا مایەی گەشبینیە. وا پێ ئەچێ لەئێستاوە شۆڕشەکە دەست پێ ئەکات، خەریکە هونەرو شارستانیەت و هەمووشتەکانی تر لەبازنە داخراوەکان بچنە دەرەوە، هەڵبەتە ئەوانەش کە لەئیدارەکەدا دەسەڵاتدارن پێویستە پشتگیری بوارە هونەری و فەرهەنگی و کەلتوریەکان بکەن ئەگەر نا، خیانەتێکی گەورە لەوڵاتەکە ئەکەن، دوایی پێشانگەو بەرهەمی هونەریی هەر بەدەست خۆشیانە کۆتایی نایەت و پێشانگەکان دابخرێن و تەواو، بەڵکو پێویستە بزانرێت



ئەو تابلۆیانە ئەگەنە کوێ! چیان لێ دێت؟ ئەبێ بزانرێت هونەرمەند چۆن و بەچی ئەژی؟ ئەمە زۆر گرنگە، پاشان ئێمە دامەزراوی ئەکادیمی وەك کۆلێژی هونەرو پەیمانگەمان هەیە، دەرچووانی ئەم شوێنانە جێ و رێی خۆیان بدرێتێ، ئەمانە خەڵکی ئاسایی نین تا کرێکاری بکەن. لێرە سەدان دەزگاو دامەزراو هەیە، دیوارەکانیان چۆڵن، بەرهەمی هونەری یان تابلۆی خۆماڵیان پێوە هەڵنەواسراوە، بۆیە ئەگەر هاوکاری هونەرمەندان نەکرێ و تابلۆیان لێ نەکڕدرێت ئەوانیش گەشە ناکەن و تووشی بێزاری و لاتەریکی ئەبن. سەیرە خەڵك مەکینەو فەرش و ئۆتوبێل ئەکڕن، کەچی پێیان عەیبە تابلۆی هونەریی جوان بکڕن. من هەژدە ساڵە لەفەرەنسا بەردەوام خەڵکی ئاسایی ئەوێ تابلۆم لێ ئەکڕن، کارم چووەتە گەلێ ماڵ. ئەی لای خۆمان بۆ وا نەبێت، ماڵ بەتابلۆی هونەریی و مانابەخش بۆ جوان نەکرێت!؟



**هونەرمەند رەمزی قوتبەددین**

*ساڵی ١٩٥٥ لەخانەقین هاتۆتە دنیاوە.*

*ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە.*

*پاش بەشداری لەهەندێ پێشانگە، ئەبێتە پێشمەرگە.*

*لەساڵی ١٩٩٠ەوە لەفەرەنسا ئەژی و سەرقاڵی هونەرەکەیەتی.*



***رەمزی قوتبەددین، حاڵی لێ دێت،کاتێ قسە ئەکات، عیشقی وڵات و هونەرەکەی وەك نیگارێك لەودیو شووشەیەکەوە هەموو کەسێك ئەبینێت. من بەهیوای هاتنەوەی لەساڵی نوێدا و دانیشتنێکی زۆر درێژتر، جارێ ماڵئاواییم لێکرد.***

***سەرنجێك لەدوای دیداری هونەرمەند رەمزی ئەمەیە کە: وەکو ئەم هونەرمەندە گەلێکی تر هەن کە گوێیان پێ نەدراوە!! ئەگەر دەسەڵات نەیانناسێ. بێگومان دەوروبەری دەسەڵات ئەیانناسن. جێی خۆیەتی بانگ بکرێنەوە یان کارئاسانیان بۆ بکرێت، چونکە هەریەکە لەمانە ناوو ناوبانگن بۆ کەلتووری ئێمە، هونەری ئێمەو گەلەکەمان، ئەگینا زۆر ئەستەمە تازە بەتازە فەرموو لەهونەرمەند رەمزی قوتبەدین بکرێت تا بێتەوە، لەکاتێکدا گەلێ نا هونەرمەند دێن و ئەڕۆن یان زیافەت ئەکرێن و دەنێررێن بۆ دەرەوەی وڵات.***